سەرۆک وەزیران لە زیقار یەکەم بینای قوتابخانەکان لەچوارچێوەی پرۆژەی هەکەوتنی عێراق و چیندا دەکاتەوە

ئەمە دووشەمە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یەکەم بینای قوتابخانەکانی لەچوارچێوەی پرۆژەی هەکەوتنی عێراق و چین کردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە: محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یەکەم بینای قوتابخانەی نمونەیی لە چوارچێوەی پرۆژەی هەکەوتنی عێراقی و چین لە گەڕەکی سومەر لە شاری ناسریە کردەوە.

هەروەها وتی" سودانی تەواوکردنی بینای قوتابخانەکە پیرۆزبایکرد، کەلەە 12 هەزار خوێندن پێکهاتووە، هەروەها بەردەوامبوونی پرۆژەی قوتابخانەکە، کە 106 بینای قوتابخانە لە پارێزگای زیقار لەخۆدەگرێت، لەکەی هەزار بینای قوتابخانە لە سەرتاسەری عێراق.

سەرۆک وەزیران ستایشی "کوالیتی ئاستی بەرزی جێبەجێکردنی کرد، جێختی لەوە کردەوە کەپرۆژەی قوتابخانەکان وەکو بەشێکی گرنگن لە هەوڵەکانی حکومەت بە پاڵپشتیکردنی کەرتی پەروەردە، بە تەواوکردنی ژێرخانی پێویست، بە ئەدای بەرز و لە چوارچێوەی کات و خشتەی دیاریکراودا.